# سالح رۆستەم نامیق :

**هەتا لە ژیاندابم تەقە لەهیچ زیندەوەرێک ناکەم ئەوە ڕێزێکە بۆ کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم . بەڵام ئەوجاشەی تەقەی لەمن کرد، ئێستا موچەکەی یەک ملیون دینارە**



سالح رۆستەم نامیق
لەدایکبووی : ١٩٧٣
نیشتەجێی پێش ڕوداو : گوندی گلاڵ کەوەی حاجی نامیق – کەلار
نیشتەجێی ئێستا: رزگاری – ئاسودە
دیمانە : عومەر محەمەد
شوێنی دیمانە : کەلار
ڕێکەوتی : ٢٠١٦/١١/٤ کات ١١ی شەو .

سالح بۆمن چەندەی هەڵوەستە بوو، دوو هێندە گرنگە کەسێک کە رۆژگار ستەمی گەرەی لێکردووەو ئەو بەمیهرەبانی ماوەتەوە، سالح پیاوێکی نەخوێندەوارە بەڵام هێندەی بیریارێک خاونی بیروراو ئیرادەیە بەرلەوەی بچینە ناودیدارەکەمانەوە هەندێک قسەمان کرد، بەلامەوە زۆر سەرنج راکیش بوون، کە سالح رۆستەم گوتی: ئێمەی کەسوکاری ئەنفال دەبێت ڕێز لە ژیانی زیندەوەرانیش بگرین، دەیانجار لەو پێدەشت و جەوەڵانەی گەرمیان ئاسکم بینیوە خەوتووە، بە هێواشی گەراومەتە دواوەو لەخەوم نەکردووە، بەداخەوە خەڵکیش هەیە دەچێت ڕاویان دەکات. بەدەم ئەم قسانەوە وردەردە چوینە ناو دیدارەکەمانەوە .

**کاک سالح ئەگەر خۆت بناسێنی ؟**

من سالح رۆستەم نامیق

**خەڵکی چ گوندێک بوون ؟**

خەڵکی گوندی گلاڵ کەوە، گلاڵ کەوەی حاجی نامیق بەناو بانگە .

**تەمەنت چەندە ؟**

لەدایکبوی ١٩٧٣ . جابزانە چەند دەکات

**ئەوسا پێش ئەنفال گوندەکەتان چەند ماڵ بوون ؟ بەچیەوە سەرقاڵ بوون ؟**

پێش ئەنفالەکە شەش ماڵ بووین .

بەکشتوکاڵ وئاژەلداری وکەسابەتی ماڵی خۆمان دەکرد، هەرچەندە باوکم هێزی پشتگیری بوو، بەڵام خەریکی کاسبی خۆمان بووین گەنم وجۆمان دادەچاندو ژیانمان پێ بەرێوەدەبرد.

**پیش ئەنفال هیچ جاری تر گوندەکەتان سوتاوە باسی رۆژگارێکی زۆر پێشتر دەکەم بەتایبەتی لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە ؟**

باوەرناکەم شتی وا رویدابێ لەگوندەکەمان ئەوەم بەرگوێ نەکەوتووە.

**کەواتە دەتوانین بڵێین بۆیەکمجار گوندی گلاڵ کەوە لە ئەنفالدا سوتاوە ؟**

لەکاتی ئەنفالدا کۆپتەر هات بۆمبارانیان کردو سوتاندیان، لەبەرئەوەی ڕێگەی سەیارەی نەبوو، هەتا کۆپتەرەکە هات لەگوندەکە نیشتەوەو سوتاندیان و ڕۆیشتن.

**لەگوندەکەتان چەند کەس ئەنفالکراون ؟**

تەنها ماڵی ئێمە ئەنفالکراون، ئەوانی تر سەلامەت بوون.

**ماڵی خۆشتان تەنها خۆت دەربازبووی وایە ؟**

بەڵێ تەنها خۆم دەرچووم، دایکم وباوکم و پێنج براوخوشکێکم ئەنفالکراوە. بەهەمووی هەشت کەسمان ئەنفالکراون .

**ئەگەر ئەزیەت نەبێت ناوەکانیانم پێ بڵێی ؟**

ناوەکانیان (رۆستەم نامیق برزۆ، غەزنە محمود عەوبدولکەریم، ئەوە دایک وباوکم ، براکانیشم تەهاو محەمەدو ئەحمەدومستەفا، خوشکەکەشم ناوی سەبریە) بوو.

**باوکت گەنج بوو ؟**

باوکم موالیدی ١٩٥٠ بوو دایکیشم موالیدی ١٩٤٧ بوو.

**تۆ براگەورەیان بووی ؟**

بەڵێ تەها مولیدی ١٩٧٢ بوو محەمەد ٧٥ بوو، ئەحمەد ٧٧ بوو، سەفا ٧٩ بوو، مستەفا ٨١ بوو خوشکەشمان مولیدی ١٩٧٣ بوو.

**جاشگرتنی یان سوپا ؟**

ئێمە لەکوڵەجۆ ئەنفالکریاین، کوڵەجۆی حاجی حەمەجان.

**مەبەستت ئەوەیە پێشتر چووبوونە ئەوگوندە ؟**

ئەوشەوەی لە گڵاڵ کەوە دەرچووین چوێنە گوندی کوڵەجۆ بۆبەیانیەکەی ئەنفالکراین . جاشوجەیش دەورەی گرتین باوکم ئەسپی هەبوو ئێمە منداڵ بووین بەدیار ئاژەڵەکانەوە بووین، باوکم ئەسپەکەی بەستبووەوە ئیتر گرتیانین و سواری سەیارەیان کردین بردمانیان، لەوێ جەوڵێک هەیە بانە بۆری پێدەڵێن لەناو سەیارەکەدا چاوم لێ بوو ئەسپەکەی باوکم بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد بە پەتێک بەسترابووەوە، بەباوکمم گوت : بەخوا باوکە من ئاژەڵەکان و ئەسپەکە جێ ناهێڵم باوکم وتی کورم تازە تەواو ئێمە گیراوین ئاژەڵی چی وئەسپی چی ؟ وتم بەخوا باوە من ئاژەڵەکان جێ ناهێڵم وتمە باوکم وخۆم هەڵدایە خوارەوە، جاش لەتەکەماندا بوو، جاشێک تەقەی لێم کردو منیش رامکرد، ئەمە لەبانە بۆر لەناوقەدی رێگەکە، ئیڤاکەش دەرۆی، لەو چەمەی ماڵ حاجی حەمەجان باخێک بوو، من بەرەوئەوێ رامکرد جاشێک ئێستاش دەیناسمەوە موچەکەی دوو ملیون دینارە چوار پێنج فیشەکی پێمەوە نا بەڵام من نەوەستام و رامکرد فیشەکەکان لەملاوئەولام دەکەوتن. هیچم بەرنەکەوت بەڵام تەلی دەوری باخەکە هەموو گیانی بڕی بووم وخوێنم لێدەهات، هەرچۆن بوو خۆم شاردەوە. نزیکەی دووسێ سەعاتێک خۆم مات دا، ئیتر خەڵکەکەیان بردو کەس نەما، دوایی رۆیشتم ئەسپەکەی باوکم مەرەخەس (بەرەڵا)کرد، ئاژەڵەکانم پێش خۆمدا هاتم بۆ ملەسورە، ئەوە بوو ١٩٨٨/٤/١٤ خەڵکەکەی ملەسورەشیان بردو ئەنفالیانکردن و بردیانن بەرەو قۆرەتوو، نەوەڵا لە ١٩٨٨/٤/١٨ .

**وتا ئەگەر خۆت فرێ نەدایەو راتنەکردایە ئێستا تۆش ئەنفالکرابووی و ماڵی ئێوە کۆتاییان دەهات ؟**

بەڵێ بێگومان بەلام بۆ زانیاریت ئەوجاشەی تەقەی لەمن کرد ئێستا موچەکەی یەک ملیون دینارە ! لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی ناوی ناهێنم، کاکە گیان ئێمە دوژمنمان زۆرەو نامانەوێ دوژمنەکانمان زیاد بکەین دەبێت هەوڵ بدەین دۆستەکانمان زیاد بکەین .

**کەواتە تۆ دیمەنی ئەسپەکەی باوکت و بێ شوان مانەوەی ئاژەڵەکان وای لێکردیت، لە ئیڤاکە خۆت هەڵبدەیتەخوارەوەو ژیانت بخەیتە مەترسییەوە ؟**

زۆر راستە زۆر ئەو دیمەنە وای لێکردم، چونکە لەوکاتەدا قسەیەکی دایکم بیرکەوتەوە کەهەمیشە بەگوێی خۆم و براکانمیدادەدا و دەیگوت : رۆڵە ئاگات لەمەڕەکان بێت ئەوان نەبن ئێمە دەفەوتێین. ئەو قسەیەی دایکم لە مێشکمدا خەزن بوو، دەیگوت خزمەت مەڕەکان بکەن .. ئەوە وای لەمن کرد خۆم فڕێ بدەم و بچمەوە بەلای مەڕەکانەوە .

**جاشەکان کە دەوریان گرتبوون کێ بوون مەبەستم فەوجەکەیە ؟**

جاشی فەتاح بەگ بوون .

**دوای ئەوەی کە ئەسپەکەت مەرەخەست کرد تۆ بەرەڵاتکرد بۆئەوەی بڕوات ؟**

بەرەڵامکرد وتم بابڕوات . سەرکەلەکەیم داماڵی پەتەکەی داماڵێ وتم بابروت نەفەوتێت .

**مەڕەکانت چی لێکرد ؟**

مەڕەکانم پێش خۆمداو هاتم بۆ ملەسورە منداڵ بووم هێشتا خەڵک زۆر لەوێ بوو، مەڕەکانم کردە حەوشێکەوە کۆمەڵێک خەڵکم بینی وتیان چی دەکەی لێرە ؟ وتم وەڵاهی کۆمەڵێک مەڕومالاتم پێیەو کەسوکارم هەمووی کرانە زیلی عەسکەریەوەو نازانم بۆکوێیان بردن کابرا وتی کەسوکارەکانمان ئەنفالکران، وتم ئەنفال چیە ؟ من نەمدەزانی ئەنفال چییە، ئەوکەسە حاجی عەلی بوو ئێستەیش ماوە، وتی ئەنفال سجنە ئەنفال مردنە . منیش ئەوەندە گریام خەوم لێکەوت، خەوم لێکەوتبوو کاتێک بەشەق بەخەبەریان هێنام چوار جاش بەدیارمەوە بوون

وتیان ئەوە چیدەکەی لێرە ؟ وتم لای مەڕم وتیان چەکت پێیە ؟ وتم نا پێم نیە، وتم ئێوە پێشمەرگەن وتیان جاشین پێشمەرگە نەما تەواوبوون . ئیتر ئەوان رۆیشتن ومنیان بەجێهێشت بەیانی ئاژەڵەکانم دەرکردو بردمنەوە بۆ دەشتەکە، حەوت رۆژ من بەبێ نان بەتاقی تەنیا لەو جەوەڵە مامەوە، ئیتر گریان و داماویی و بەد بەختی ئیتر کورێکم دۆزییەوە خزممان بوو قەراخی بوو، حسێن غەریب ئەویش هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکرابوون زۆر گریاین حەوت رۆژ لەو جەوەڵانەدا پێکەوە ماینەوە ئییتر ئەو هاتن بەدوایدا هەندێک خزمی هەبوو جاش و ئیستخبارات بوون هاتن دۆزیانەوەو منیشیان لەگەڵ ئەودا برد. ئەوان خەڵکی دێ گولان بوون گوندێکە بەرانبەری دەربەندیخان، ئەوان هەموو کەسوکاریان جاش بوون، ئیستخباراتیان بوو، ئەمنیان هەبوو هەمووشتێکیان هەبوو، دوای ئەوەی حەوت رۆژ پێکەوە لەوکەژە ماینەوە ئیتر کەسوکارەکەی حوسێن هاتن بەدوای ئەودا دەگەڕان کە دۆزیانەوە ئەوکاتە ئێمە لەبان جادەکەی تیلەکۆبووین لای تەقویەکی ئێستا، هاتن بۆلامان وتیان ئەوە تۆلەکوێی ئێمە دنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێین، ئیتر منیش لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشتم، لەوێوە بەپێ ڕۆیشتین بۆ (مجمعی نەسر)[4]، من لەڕێگا (قوە تەواری)[5] گرتیانم بەڵام ئەو جەماعەتەیان دەناسی کەمن لەتەکیاندا رۆیشتم و ئەوان فریام کەوتن و نەیانهێشت بمگرن، وتیان ئەمانە عایدی ئێمەن بەریانداین و وتیان هیچ مەترسن کەگەیشتینە نەسر لەوێ هەموو مەرومالاتەکەیان بۆفرۆشتین، ئەوان دەستیان دەڕۆیشت ئیتر ترسی گرتنمان نەما. لەوێ ماڵی پورە ئامینم هەبوو چومەماڵی ئەوان.

**ببورە بەچەند ڕۆژ گەیشتنە نەسر چونکە ماوەی نێوان تیلەکۆو نەسر زۆرە ؟**

بەچوارە رۆژ ئینجا گەیشتینە نەسر، ئاخر دەبوو بەپێی مەڕەکانمان بڕۆیشتینایە. زۆریش ماندوو بووین برسی بووین، نزیکەی ٥ هەتا ٦ مانگ لەماڵی پورم مامەوە، ئینجا ڕۆیشتمەوە بۆ کەلار ماڵی پورم وتیان بڕۆ سۆراخێک بکە بزانە دەتوانین تەسکەرەت بۆ دەربکەین؟ چونکە من هیچم نەبوو، تەسکەرەم بۆ دەرنەهاتبوو. کە رۆۆیشتمەوە بۆ کەلار نفوسمان لە باوەنور بوو، رۆیشتم بۆ نفوس سەیردەکەم باوکم هێشتا کوڕەو ژنی نەهاوردووەو دایکم هیشتا کچەو شوی نەکردووەو ئەوانیش نین لێرەو گیراون ! کاتب نفوسەکە ناوی فازل بوو وتی : ئەوکەسەی تۆ داوای دەکەیت هێشتا ژنی نەهێناوە، منیش قوڕوقەپم لێکردو سەری خۆمم کزکردوهاتمە دواوە. ئیتر وەک فیرارێک وەک سەربازێکی هەڵاتوو لەکەلار مامەوەو نەمتوانی بچمەوە بۆماڵی پورم لەنەسر. ساڵێک لەکەلار بووم .

**ئەوساڵە لەکوێ بوویت ؟**

ئەوساڵە کەلە کەلار مامەوە بەزۆری لەماڵ مامەیەکم بووم، بەناوی سدیق نامیق زۆر ئەزیەتیان لەگەڵمدا بینی وخزمەتیان کردم و زۆر سوپاسیان دەکەم، بەلام جار بەجاریش دەڕۆیشتم بۆماڵی ترو جێگۆڕکێم دەکرد، بەڵام راستییەک هەیە دەبێت بیڵێم زۆر لەخزمەکانم حەزیان نەدەکرد بچمە ماڵیان ئەترسان،هەتا ماڵی ئەو مامەیشم ناچاری بوو بۆکوێ بچوومایە. (هەناسەیەکی قوڵ ... بێدەنگی و ماتی) وەزعێکی زۆر سەخت ونالەباربوون ئەو رۆژگارانە بۆمن رەنگە هەرگیز نەتوانم هەمووی بگێڕمەوە. دانی پێدا دەنێم ئێمە لەلای کەسوکارەکەی خۆمان بێزراوبووین رقیان لێمان بوو، بارگرانی بووین، بێگومان ئەوانیش دەترسان وهەمووشیان باری داراییان باش نەبوو،بروا بفەرموو هەرکاتێک ئەو ماڵانە نانێکی باشیان بۆخۆیان دەکرد من خۆم لەو نانە دەدزیەوە دەمگوت بابەشی ئەوان نەخۆم . دەچووم لە دوکانێک بسکیت وساردیەکم دەخوارد دەمگوت بابەشی ئەوانە نەخۆم .

**چەند کەست پێشک دێت حاڵیان ڕێک وەک ئەوەی تۆ بووبێت ؟**

---

4 کۆمەڵگای نەسر یەکێک بوو لەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانەی بۆ کاروباری ئەنفالکرابووەوەو بەزۆری خەڵکی شارباژێرو پێنجوێن و سەیدسادقی لێکۆکرابووەوە.

5 قوة الطوارء بەکوردی پیان دەگوتن قوە تەواری بەواتای هێزی تایبەت، ئەمانە هێزێکی شەرانگیزو بەدرەفتاربوون و سەربە دائیرەی ئاسایش بوون، بەزۆریش لەو پێشمەرگانە دروست دەکران کەوا خیانەتیان لە هاوسەنگەرەکانیان دەکردو دەهاتنەوە لەناو شارەکان خەراپەکاریان دەکردو بەعس بەریدابوونە گیانی خەڵک و دەست ئاوالابوون لە خراپەکاری و دەسەڵاتی کوشتن وگرتنی خەڵکیان هەبوو.

راستیەکەی واهەست دەکەم کەس حاڵی وەک من نەبوو زۆربەی تاقانەکان نەنکێک یان کەسێکی دڵسۆزیان هەبوو، بەڵام من هەر هیچ هیچم نەمابوو.

**بەڵام کاک محەمەد عەلی شەمێرانی ڕێک ئەم حاڵەتەی تۆی هەبووەو ئەویش دەڵێت: هەر ڕۆژێک بمزانیبایە ئەو ماڵەی لێی دەمێنمەوە خواردنێکی خۆشیان هەیە من خۆم دەدزیەوەو دەمگوت بابەشەکەی ئەوان نەخۆم ئەم قسەیەی محەمەد پێنج ساڵ پێش ئێستا بڵاوم کردووەتەوە . ئەی بۆئەوەیان وەک تۆ نیە؟**

وەڵاهی بڕوا بفەرموو ڕێک ئەوە بەرنامەی منیش بووە.

**ویستت باسی ئەوە بکەیت کە لەئاسایش (ئەمن) گیراویت ؟**

من دەمزانی دەمگرن.

**ببورە با ئەو پرسیارە بکەم چۆن دەتزانی دەتگرن ؟**

لەبەرئەوەی هیچم نەبوو، نەهەویە نەهیچ ماڵەومان هەمووی ئەنفالکرابوون، چوار پێن ڕۆژێک بوو کوڕێکی خزمی خۆمیان گرت تەنها لەبەرئەوەی هویەی نەبوو ڕێک وەک من بوو گرتیان و گولەبارانیانکرد، لەبەرئەوە دەمزانی ڕۆژێک منیش دەگرن.

**ئەی چۆن گیرایت ؟**

ئەوشەوەی گیرام لە ماڵی مامەم دانیشتبووم، بەڵام کوڕێکی خزممان جاش بوو لەو گوندانە هویەکی نفوسی (پێناسی باری شارستانی) دۆزیبووە بۆی هێنام وتی: با ئەم هویەت پێبێت، بۆحاڵی تۆ باشەو ئیشت پێی دەبێت. هویەکە هێشتا موالیدی نەگیرابوو بەسەرباز، ئەوشەوەی گیرام ئێمە لەحەوشەی ماڵی مامم دانیشتبووین وتیان ئەمن و تەواری هاتن، لەپەنجەرەکەوە دیاربوون دایان لەمیل منیش یەکسەر ئەو هویەی پێمبوو دەرمکردوو کردمە ژێر دۆشەکەکەوە کەلەسەری دانیشتبووم، یەکسەر ئەوەم بەبیردا هات مادام من گیرام بۆچی خاوەنی ئەو هویەش توشی گرفت بێت، هاتنە ژوورەوە وتیان تۆ ساڵح ڕۆستەمی وتم بەڵێ، هەرلەوێ دەست وچاویان بەستمەوەو بردمیان ماوەی سێ ڕۆژ لەئەمنی کەلار بووم، بەقەرەوێڵەیەکەوە بەستبویانمەوە وەزعم زۆر خراپ بوو. حەمەی حاجی ساڵح چێشتخانەی هەبوو لەکەلار ئەوکاتە دەستی دەڕۆی خۆمی نەدەناسی بەڵام باوکم وباپیرەمی دەناسی ودۆست وقەوممان بوو، هەموو ڕۆژێک دوو شیش کەباب و گۆشتی بۆ دەناردم، ئەمنەکان دەیانگوت (هذا مال محمد حاج صالح) دەیانگوت ئەو بۆی ناردوویت.

قەت لەبیرم ناچێت ئەوە شایانی لەبیرچوون نیە. ئێوارەو نیوەڕۆ هەموو ڕۆژێک ئەو دوو شیشەی بۆدەناردم قەت لەبیرم ناچێت، کەبەربووم چوم بۆلای وتم تۆچۆن زانیت وتی : نوسراوەکانم بینیوە ئەمنەکان دەهاتن بۆ ئێرەودەیانگوت ئەمڕۆ کێمانگرتووەو کێمان نەگرتووە،من تۆم تێداناسیوە. دوای ئەو سێ ڕۆژە گواستیانمەوە بۆ ئەمنی سلێمانی ١٨ شەو لەئەمنەسورەکەی سلێمانی بووم،بردمیانە ژوورەوە قادرمە بوو دیاربوو زۆر بەرزبوو زۆر بردمیانە خوارەوە کەچوم چی ببینم خەڵک هەمووی سەرو ڕیشی هاتبوو، وەزعێکی ترسناک وناخۆش هەبوو ١٠ساڵ بوو لەوێ بوو هەبوو شەش مانگ بوو هەرلێیان نەپرسیبووەوە. کوڕێکیان هێنابوو جاش بوو بەڵام تنظیمی یەکێتی بوو، خەڵکی ئەم کەلارە بوو،ناوی بورهان بوو کوری شێخ تەیب بوو، وتیان لەخوا بەزیادبێت سجنێکمان بۆهات زۆریان پێخۆش بوو، هەبوو ٥ساڵ بوو سجن بوو، کورە هەبوو ١٠ساڵ بوو سجن بوو، گشتیان زۆریان پێخۆش بوو کەیەکێکی تازە دەهات بۆئەوەی هەواڵی دەرەوە بزانن. ئەو بورهانە بانگی کردم وتی : تۆلەگەرمیانی دەچیت ؟ وتم بەڵێ ! وتی یەک قسە نەکەیت لێرە ئیستخبارات هەیە، بورهان سێ چوارجار لەکارەبا درابوو، ئەو وەزعەم بینی زۆر سامناک بوو، سێی بەقەد دیوارەکاندا ڕێی دەکرد هەژدە شەو لەوێ مامەوە، بانگیان کردم وتیان تۆعاید عادل شکوری ؟ وتم نانەخێر،وتیان دەیناسیت ؟ وتم دەیناسم و دیومە بەڵام من هیچ پەیوەندیەکم پێوەی نیە، بەلام کاتێک بردمیانە دەرەوە لەو قادرمانەی باسم کرد لەوێوە فرێی دامە خوارەوە زۆر ئازارم پێگەیشت، دام بەدینگەیەکدا، کاتێکم زانی لەبەرانبەر ئەفسەرێک دایاننام، پرسی ناوت چیەو خەڵکی کوێیت وەڵامم دایەوە ئینجا وتی : بۆچی وابێهۆش بوویت وتم کەوتمە خوارەوە، وتی ئەکید بەربوویتەوە ؟ وتم بەلێ نەمگوت بەریانداومەتەوە. ئیتر هەرئەوەندەی

پرسی نوسراویان بۆکردم بۆ هەڵەبجەی تازە بردیانم بۆ ئەوێ زۆریان لێدام زۆر ئەزیەتیاندام .

**ببورە ئەی لەسلێمانی لێیان نەدایت ؟**

بابا، بەڵێ، لەویش لێیاندام، بەلام وەک ئەوەی ئێرە نەبوو، بەلام لێرە ئەمنێک بوو، پێموایە ملازم بوو، خەڵکی کفری بوو، لەوێ حەوت ڕۆژ هێڵرامەوە ئەو مولازمە ئێوارانێکیان بانگیان کردم، کەچووم ملازمە کوردەکە بوو، لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو وتی وەرە لێرە لای خۆم دانیشە، چای بۆتێکردم و وتی لەسەرچی گیراویت حاڵ ومەسەلەی خۆمم بۆگێڕایەوە حەدی نەبێت لەڕووی بەڕێزت وەک ئێستا چۆن بۆتۆی دەگێڕمەوە بۆم گێڕایەوە، وتی : تۆ ئارەزودەکەیت چیت لێبکەن، وتم من هیچ ئارەزوویەکم نەماوە ئیعدام بێت و هەرچی بێت وەک یەکە بۆمن، وتی : هەموو ئێوارەیەک وەرە لێرە لەلای من دابنیشەو چابخۆرەوە، ئیتر کەهەموو شتێکم بۆ باسکرد وتی : دەنێرن بۆ عەسکەری وتم ئاخر من تەسکەرەم نیە چۆن دەمنێرن بۆ عەسکەری ؟ وتی حکومەت هەمووشتێکت بۆدەکات . دووسێ ڕۆژ دوای ئەوە ئەمنەکانی کەلار هاتن بردمیان بۆ ئەمنی کەلار .

**ئەو ملازمەی واخەڵکی کفری بوو کێ بوو ناوی چی بوو ؟**

ناوی ئەیاد بوو، ملازم ئەیادیان پێدەگوت خەڵکی کفری بوو. ئیتر کە ئەمنەکانی کەلار هاتن پێیانم وت. سالار بەهمەن دەناسم، یەکێکیان وتی : سالار بەهمەن چی تۆیە وتم ئامۆزای باوکمەو خزممە. ئەویش وتی سالاربەهمەن دەناسم، سالار بەهمەن ئامر سریەی جاش بوو، ئەمنەکە وتی: مادام سالار بەهمەن قەومی تۆیە هەموو ئێوارەیەک وەرەلای من دانیشە، وتم قسە دەکەی بۆ سالار بەهمەن کەوا من لێرەم ؟ وتی نا قسەی بۆناکەم، ئیتر کەهێنایانمەوە لێرە لەکەلار ناردیانمە پۆلیس، ئیتر لەوێ وەزعێکی تربوو، مواجەهەبوو شت هەبوو، خزمەکانم هاتن و داوای کەفیلی ٢٠ هەزاردیناری سویسریان کرد کەمن رانەکەم، ئیتر ناردیانم بۆ تەجنید، لەوێ مەلەفی باوکمیان هەڵدایەوە وتیان باوکت کورە هێشتا ژنی نەهێناوە. نوسراویان بۆکردم بۆ یەکەیەکی سەربازی پێموایە بۆسەربازگەی فایدە. کە هاتینە دەرەوە پیاوێکی زاوامان هەیە محەممەدی حاجی برایم بەناوبانگە، محامیەکی دەناسی ناوی جەوهەر بوو، کاتی خۆی پارتی بوو، وتی بابچین بۆلای محامی جەوهەر ئەویش سەیری نوسراوەکەی کرد، گوتی کورم تۆ بچیت بۆسەربازی هەردەفەوتێیت، هەر رۆژێک بێت حکومەت دەتگرێت وئیعدامت دەکات، تۆ هیچ تۆمارێکت نیە، ئیتر محامیەکە زۆر بیری کردەوە، وتی تۆ مامەت هەیە ژنی هاوردبێ و جنسیەی دەرنەکردبێ وتم هەمە. وتی : بابرۆین هەستاین چووین بۆماڵی مامە جەلالم ئەو عریزەی دابوو تەسکەرە بۆمنداڵەکانی دەربهێنێ بەلام پارەی نەبوو وازی لێهێنابوو، هات منی کردە کوری گەورەی مامەم، کتابەکەی مامەمی سوتاند وتی لە پۆلیسیش بۆت چاک دەکەم، وتی بەیانی وەرە تەسکەرەکان وەرگرەوەو ئەوەی خۆت بخەرە گیرفانت وئەوانەی تریش بدەرەوە بەمامەت. ئیتر هویەم نایە باخەڵم و لەوە نەجاتم بوو ڕۆیشتم بۆ بەغدا ئیتر بەشەو لە ئوتێلێک دەمامەوەو بەرۆژ ئیشم دەکرد.

**ئیشی چیت دەکرد ؟**

کرێکاریم دەکرد، لەگەڵ وەستای بیناو لەمەیدان کارم دەکرد.

**ئیتر نەچویت بۆعەسکەری ورزگارت بوو ؟**

نەچووم بۆ عەسکەری وەک وتم رۆیشتم بۆ بەغداو لەوێ کرێکاریم دەکرد.

**هیچ هەواڵێکی ماڵەوەشتان نیە؟**

نەخێر هیچ، تەنها ئەوەنەبێت دوایی پیاوێک هاتەوە بۆی گێڕاینەوە، کەوا لەگەڵ باوکم وئەوان بووە، هەتا جیایان کردوونەوە ژن بەجیاو پیاو بەجیا، باوکمیان کردووەتە ناوگەنجەکانەوەو دوایی بردویانن بۆ گوللەبارانکردن، بەلام ئەو پیاوەیان ناردبوو بۆ نوگرەسەلمان و دوایی بەربوو.

**هەتا کەی لەبەغدا مایتەوە ؟**

هەتا نزیکی ڕاپەڕین هەر لەوێ بووم چونکە نەمدەتوانی بێمەوە بۆکەلار، کە ڕاپەڕین بوو ئینجا بوومە پێشمەرگەو هەر لەبارەگای پێشمەرگە دەمامەوە. لەدوای ئەوەش ئەم تەسکەرە دەرهێنانەم هەم بوووەوە بەکێشە کە ببومە کوری مامم. هەر لەسەر ئەساسی ئەو پێناسەیەی کە کرابوومە کوری مام هاوسەرگیریم کردبوو، ئینجا سکالام کرد ببمەوە بەکوری باوکی خۆم، زۆر ماندوو بووم هەتا هەموویم

هەلوەشاندەوەو دایکم وباوکم کرد بەژن ومێرد لە تۆماری نفوسدا، بروا بکە دووسێ جار ئەو حاکم ئەحمەد جەلیلە خەریک بوو شەش مانگ زیندانیم بکات. وتی : یەک نوسراوی تر لەبارەی ئەنفالەوە بدەیتە من شەش مانگ سجنت دەکەم، وتم سجنم بکە من لەسەر هەقم ومافی خۆمە.

**سەرئەنجام گەیشتیتە کوێ من دەزانم کە زۆر ماندوو بێزارکراویت ؟**

زۆر ماندوو بووم، من زۆر درەنگ دەگریم، بەڵام زۆر گریام حاکم ئەحمەد جەلیل زۆر ماندوی کردم، کەسکاڵام کرد ببمەوە بە کوڕی باوکی خۆم سەرەتا هیچم بۆنەکرا، بەڵام عزیزە چییەک بوو خزمی ئەحمەد جەلیل بوو، رۆژێک کەبینی زۆر ماندووم و بێتاقەتم هات بۆلام ماچی کردم و گوتی: کاتی خۆت بەم پیاوەوە مەکوژە ئەمە هیچت بۆناکات، بڕۆ کفری بۆلای حاکم طارق ئەو پیاوێکی قانونی باشەو عەرەبە محامیەک بگرەو بڕۆ بۆلای ئەو . هاتم لە محکەمەی کەلار محامیەکم دۆزییەوە و بڕیارەکەم پیشانداو نوسراوەکانم پێداو سەیری کرد، بۆبەیانی بردمان بۆکفری حاکم سەیری کردو محامیەکەش وتی جەنابی حاکم ئەم کورە سەدام هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکردووەو حاڵەکەی ئاوایە حاکم وتی سبەی مامەکەتم بۆ بێنە بۆ ئێرە وتم مامەم مردووە، وتی : وەفاتنامەکەی و هاوسەرەکەی واتا ئامۆژنم بهێنە بۆئێرە، لەماوەی سێ رۆژدا هەموو شتێکی براندەوەو بوومەوە بەکوڕی باوکم، کەبردمەوە بۆ نفوس فایل وتی من وەری ناگرم، شتی وانیە چۆن کیشەی دەساڵ بە ٣ ڕۆژ چارەسەر دەکرێ ودادوەر بڕیاری لەبارەوە دەدات وتی: بڕۆکاکە شتی واهەرنیە. نەیویڕا وەری بگرێت، کاغەزێکی نوسی نازانم ئەو کەسە کێ بوو، وتی بیبەرە لای ئەو بزانەئەوچیدەڵێت : کەبردم کابرا وتی کاکە دادوەر بڕیاری داوە، هیچ کێشەیەکی تێدانیە، کەبردمەوە بۆلای حاکم وتی: ئەگەر کاری پێنەکات بۆ شوێنێک نەقڵی دەکەم خۆشی نەزانێت کوێیە تۆ بڕۆرەوە بۆلای باوئەو نەیکات. ئنجا مامەڵەکەم تەواو بوو .

**ئەوە سەرئێشەو کات کوشتن ئەی چەندێک پارەت پێویست بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ناوناسنامەی خۆت ؟**

برو بکە ٥٠ وەرەقە (٥٠٠٠$) پێنج هەزار دۆلارم زیاتر خەرج کرد. هەتا گەیشتین بەم ڕۆژە ئازارو مەینەتیەکی زۆرمان چەشت، ئێستا کێشەی یاساییم نەماوە.

**دەبوایە یەکێک لەکارە سەرەکیەکانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی وکۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان و دامەزراندنەوەیان بوایە لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان .**

کاک عومەر یەکشتت پێدەڵێم، تکات لێدەکەم ئەمە بنوسە بابۆمێژوو هەبێت، حکومەتێک بەو زەبەلاحیە بەقەد (عومەر محەمەد) سودی بۆ ئێمە نەبووەو بەقەد تۆ ڕێنمایی بەئێمە نەداوە،بەقەد عومەر دڵی بۆ ئێمە نەسوتاوە ئەمە بڵاوبکەرەوە ئەوە لەروی تۆ ناڵێم، تۆش لێرەنەبووبی من ئەوەم وتووەو دەیڵێم، چی بۆکردوین حکومەت ؟ بەوخوایە ئەوەشی کردویەتی لەدەستی دەرچووە نازانم چۆن بۆی کردوین. کاکە ئێمە بریندارین ئێشوئازارێکی زۆرمان چەشت، بروا بکە خزمی خۆم بووە وتوویەتی ئەمەشمان لەکۆڵبوایەتەوە باش بوو، خۆم گوێم لەو قسەیە بووە.

**کاک ساڵح من زۆر سوپاست دەکەم کە بەراشکاوی وئازایانە قسەم بۆدەکەیت، من بەکاک سەباح نەجمەدینم گوت، من مێژوو دەنوسمەوە،من نامەوێ ژمارەی لاپەڕەکانم وکتێبەکانم زیاد بکەم، دەمەوێ لەگەڵ خۆم ومیلەتەکەم و نەوەی داهاتوو ڕاستگۆبم وزانیارییان پێبدەم، پێمگوت تۆ خۆت بەدوای هاوسەرگیریدا دەگەڕایت یان خزمەکانت بەزۆر هاوسەرگیریان پێکردیت بۆئەوەی لەسەر سفرەی ئەوان نەمێنیت؟ خەڵک دەناسم بەزۆر ژنیان بۆهێناوە بۆئەوەی لەکۆڵیان ببێتەوە، من ئەم پرسیارەم لەسەباح کرد وەک تاقانەیەکی ئەنفال ؟ من دەمەوێ لەکێشەی تاقانەکان تێبگەم، چونکە کێشەی کەسوکاری ئەنفال و کاریگەریەکانی تاوانی ئەنفال لەنوگرەسەلمان ولەبیابانەکان بەجێنەماوە، هاتووە بۆئێرەو پەڕیوەتەوە بۆ نەوەکانی ئەنفال ئایا مەبەستەکەم ڕونە ؟ ئەم پرسیارەم بۆ هەمووتانە ؟**

ئەزانم چی دەڵێیت کاکە گیان باش لەتۆ تێگەیشتووم.

ئەوکاتەی لەبەغدا ئیشت دەکرد، هیچت لەبارەی چارەنوسی دایکت وباوکت وخوشک وبراکانتەوە دەزانی ؟

هیچ هەواڵێکیان نەبوو، هەموو شەوانێک دەگریام، زۆر دەگریام زۆر بێتاقەت بووم، بەڵام من هیچ شوێنێک نەبوو ڕوی تێبکەم و ئاسودەییم بداتێ، لەبەغدا هاتمەوە ماوەیەک لە جەلەولا لەکارگەیەک کارم دەکرد، کابرایەک هەبوو ئیستخبارات بوو ( بێدەنگی .. ناوەکەیم لەبیرچوو) لای ئەو ئیشم کرد، کابرا زۆر ڕێزی لێگرتم،وتی ئەوە تۆ بۆچی قەت داوای ئیجازە ناکەی ؟ نازانم بۆ ناوەکەیم لەبیرچووەوە ! وتی تۆ بۆچی قەت داوای ئیجازە ناکەیت و هەرلێرەی ئا سەریاس ئەوە ناوەکەی بوو، ناوی سەریاس بوو، ئەو لەبنەرەتەوە خەڵکی کەرکوک بوو، من ئەوسا بەهویە دەگەرام و بەوە چوم بۆ بەغدا کە لەسەر مامەم دەرمهێنابوو، کەپرسیاری کرد بۆ داوای ئیجازە ناکەی دوو کەس لە ژورەکەدا دانیشتبوون وتی هەستن بچنە دەرەوە، دیسان وتیەوە بۆ داوای ئیجازە ناکەی ؟ وتم : کاکە من کەسم نەماوە، حکومەت هەمووی ئەنفالکردووە، وتی چۆن تۆ کەست نەماوە ؟! وتم ناکەسم نەماوە، ئیتر ئەوکابرایە شێت بوو، هەستایە سەرپێ وتێ تۆهەموو کەسوکارت کوژراون وتەنها خۆت ماویت ؟ وتم بەڵێ وتی : گەرەکتە من چی بۆتۆ بکەم ؟ وتم من هیچ بنەرەتێکم نەماوە هەمووی ڕۆی تەنانەت دایکم وباوکم لە تۆماری گشتی هێشتا کوروکچن وهەر لەلای مەلا مارەی بریوە. سەرەتا زۆر مات بوو، وتی تۆ دەبیتە مایەی موشکیلە بۆمنیش، دوایی بەپێچەوانەوە گوتی: هەتا سەریاس بمێنێ تۆلێرەی هەقی هیچت نەبێ، ئیستخبارات و ئەمن دەهاتنە کارگەکە داوای هویەیان دەکرد، بەڵام هەموویان دەهاتن لای ئەو دەعوەت دەبوون، ئەوەشی پێگوتم هویەکەی خۆتیان پیشان مەدە، ئەگەر ئەمن ویتسخباراتیش هاتن بڵێ من عایدی سەریاسم هویەیان مەدەرێ. ئەو پیاوە زۆر ڕێزی لێگرتم، دوو مانگ لای ئەو پیاوە مامەوە، رۆژێک چووم بۆلای وتم من دەڕۆم، وتی بۆچی دەرۆی ئەگەر لەوانە دەترسی مەترسە منیش وەک ئەوانە وام، وتم نا لەبەرئەوە نیە، دەرۆمەوە بۆ کەلار، وتی : دەرۆی برۆ، ناوت نابەم و خەمت نەبێ، هەقیقەت ناویشی نەبردم، ماڵی ئاوابێ چاکەی لەگەڵ کردم ئیستاش کارگەکەی ماوە لە جەلەولا.

**ببورە پێمبڵێ کارگەی چی هە بوو،چی بەرهەمدەهێنا ؟**

کارگەی دروستکردنی بلۆکی هەبوو .

**دوای ئەوە چیت کرد ؟**

چیم کرد دەردوئازارمان زۆر چەشت، بروا بکە لەناچاری داوای ژنم دەکرد پێیان نەدەدام ! مامەیەکی خۆم هەبوو دەیگوت : من کەنیشکم بەچکلێت ونوقڵ گەورەکردووە، چۆن بیدەمێ کەسێک هیچ تەمایەکی خوای نەبێ ؟ واتا بەتەمای ژیانم نەبوون .

**وتت لەناچاریدا داوای ژنمان دەکرد ؟ بۆچی لەناچاریدا ؟**

ئەی برا ئێمە هیچ سەرپەنایەکمان نەمابوو، دەبوو بەناچاری بەدوای ژندا بگەرێین، ئەوەش قسەی مامەکەم کە پێتم وت .

**بەم قسەیەتدا وادیارە هاوسەرگیریەکەت جیاوازبێت و کچی مام یان خاڵەکانت نەبێت ؟**

نا بۆچی جیاوازە ؟

لەبەرئەوەی زۆربەی تاقانەکانی ئەنفال هاوسەرگیریان لەگەڵ خزمە نزیکەکانی خۆیاندا کردووە، یان لەگەڵ ئامۆزایاندا بووە، یان لەگەڵ پورزاو خاڵۆزادا.

**نانا ئەوەی من ڕێک بەپێچەوانەوەیە، بڵێ کچی کێبێت باشە ؟**

نازانم ؟!

من کچی ئامرسریەیەکی جاش هاوسەرمە !

**چۆن ؟!**

چاک ئەو فەرماندەی سریەی لە زەرایەن بوو هات بۆلای خزمەکانم و مامەکانم، وتی کامتان کچەکەی خۆتان دەدەن بەم کورە بیدەنێ نایدەن من کچەی خۆمی دەدەمێ با دابمەزرێ، کچەکەی خۆی پێدام بەبێ ئەوەی داوای هیچم لێبکات، ئێستا کچی ئەو فەرماندەی ئامرسریەی جاشە دایک منداڵەکانمە .

**خەزورت جاش بوو ؟**

ئەمن بوو ئیستخبارات بوو، فەرماندەی سریەی جاشیش بوو لەلای بایز[6]. ئێستا ئەو خەزوری منە .

**ئی، چیرۆکێکی نامۆیە !**

کاکە ئەوە راستیە خواخوام بوو یەکێک کچەکەی خۆیم بداتێ بەپارە، کەس لەخزمەکانی خۆم ژنیان نەدەدامێ . دەیانگوت ئەوە تەواو بووە خۆی پێ بەخێوناکرێ و سبەینێ دەگیرێ ودەفەوتێ. بەڵام سالار بەهمەن هات کچەکەی خۆی پێمدا.

**ئەمە کەی بوو ؟ پێش ڕاپەرین بوو یان ئەوان هێشتا هەر لە دەسەڵاتدا بوون ؟**

کورە ئائا ساڵی چەند بوو ڕاپەرینەکە بوو ؟

**لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەرینەکە بوو .**

کەوایە هاوسەرگیریەکەی ئێمە ساڵی ١٩٩٠ بوو

**ئەی ئێستا خەزورت لە ژیاندا ماوە؟**

بەڵێ لەژیاندا ماوەو پارتیە.

**ئەی خۆت چیت یەکێتی یان گۆڕان ؟**

لەشەری ناوخۆدا حەمەی مەدحەد لە هەڵەبجەی تازە کوژرا، شەهید بوو، ئەو یەکێتی بوو لەلیوای تایبەت بوو. بەرپرسەکان زۆریان خۆش دەویست، من ئەوکاتە حیمایەی عەدنانی حەمەی مینا بووم، یەکێتی بووم، کەئەو شەهید بوونەهاتنەوە بۆ پرسەکەی من وازم هێنا، ڕۆژێک لەزەرایەن کۆبوونەوە بوو، جەبار فرمان هاتبوو، من لەبەردەرگا بووم، خەڵک بەبێ دەستی ئێمەدا دەچوونە ژورەوە، کەسێک هات، ویستی بچێتە ژورەوە وتم بۆکوێ دەچی ؟ وتی هەواڵێکی گرنگم پێیە، وتم هەواڵەکەت چیە ؟ دەبوو خەڵک ئێمە ئیزنی بدەین بچێتە لای بەرپرسەکان، من حیمایەی عەدنانی حەمەی مینابوو، ئەو پێشتریش کادری لای خۆمان بوو، بەکەسەکەم وت ئیشەکەت بەکاک عەدنان وکاک جەبارچیە ؟ وتی سالار بەهمەن پارتیە بریندارەو وا لەماڵێکدایە، ماڵەکەیان بەرانبەر مەکتەبەکەی زەرایەن بوو یەکەم مەکتەب . وتم سوپاس کاکە بیستومانەو کاک عەدنان مشوری دەخوات ئەو نەیدەزانی من زاوای سالار بەهمەنم، چووم بۆلای کاک عەدنان و پێمگوت خەزورم بریندارەو والەماڵی خۆیانە، دەبێت هاوکاریم بکەیت ماڵی ئاوابێت کاک عەدنان هاوکاری کردم، وتی : بەخوا جەبارفرمان بزانێت دەیکوژێت. کاک عەدنان نوسراوی بۆکردم و مۆری کردو وتی: برۆ بیبەرەوە بۆماڵی خۆتان بالێرە نەبێت بیبەرەوە بۆکەلار، بەڵام بیبە بۆکۆمیتە سالار بەهمەن بەرە بۆلای، ئەوسا حەمە چاوجوان بەرپرسی کۆمیتە بوو، بردم وسێ مانگ لەماڵی خۆمان شاردمەوە. ئێستا موچەی خەزورم دوو هێندەی موچەکەی منە (بەپێکەنینەوە) .

**تۆشتی زۆر تایبەتت لایە کاک ساڵح ؟**

تۆ ئەمانە بنوسە بۆمێژوو خەڵک سودی لێدەبینن .

**وتت موچەکەی ئەو دوو هێندەی موچەکەی تۆیە ؟**

بەڵێ موچەکەی ئەو ٢٠٠٠٠٠٠ دوملیون دینارە هینەکەی من ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزارە !

**تۆمەبەستت موچەی خۆتە یان هی ئەنفالکراوەکانتان؟**

هی هەموو کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزار دینارە نەک هی خۆم، من هیچ موچەیەکم نیەو کاسبی دەکەم .

**ئێستا باوکی چەند منداڵیت ؟**

ئێستا شەش منداڵمان هەیە.

**ئەگەر بکرێت ناوەکانیانم پێ بڵێ ؟**

منداڵەکانی من ؟

**بەڵێ ناوی منداڵەکانی خۆتان ؟**

نەهرۆ، محەمەد و ئەحمەد و ئارام بچوکەکەمانە.

کچەکانیش شنیارو سۆزیار.

**باناوی دایکیمان بیر نەچێت هاوسەرت ناوی چییە ؟**

ناوی شارایە (شارا سالار بەهمەن).

**هیچ کام لەمنداڵەکانت بەناوی خوشک وبراکانتەوە ناونەناوەتەوە ؟**

بامحەمەدو ئەحمەدم بەناوی براکانمەوە ناوناوەتەوە، بەڵام دوایی وازم لەوە هێنا چونکە هەرکە ناوم دەهێنان وبانگی منداڵەکانم دەکرد، یادی براکانم دەکردەوەو وەک شریتی سینەمایی بەبەرچاومدا دەهات ودەچوو ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفال و گیرانی ماڵەوەمان، ئیتر کورەکەی ترم ناونا ئارام ، وتم ئیتر وەختی ئارامیە بەسە.

**دەستخۆش زۆر ڕاستە، زۆر جوانە.من پرسیارێک دەکەم دەتوانیت وەڵامم بدەیتەوەو داوابکەیت**

6 بایز موستەشاری فەوجێکی جاش بوو لە زەرایەن دادەنیشت، لەدوای ڕاپەرین لەکەلار دادەنیشت ئێستا لای پارتی دیموکراتی کوردستانە

بڵاونەبێتەوە، دەشتوانی وەڵامم نەدەیتەوە، بەڵام من زۆر پێویستم بەم پرسیارەیە ؟

فەرموو .

**پەلەمەکە پرسیارەکەم زۆر تایبەتی وکەسیە، بەلام گرنگە بەتایبەتی بەگەڕانەوەمان بۆ بڕیاری هاوسەرگیری تاقانەکان لەهەلومەرجێکی تایبەتدا، هاوسەرگیری لە رۆژگارێکدا کەپێویستیان بەهەموو هاوکاریەک بووە، بەڵام دوای هاوسەرگیری وگۆڕانکاری لەژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا، هەم بەعس روخاو هەم بژێوی تاقانەکان باشتر بوو حکومەت هاوکاری کردن بۆ خانوو کردن و هتد .. پرسیارەکەم ئەوەیە بەختەوەریت لەگەڵ هاوژینت ؟ هاوژینت بۆ ئێستای ژیانتان گونجاوە یان ناچارییەو تازە دایکی منداڵەکانتە ؟**

نانا بروا بکە بەراشکاوی پێت دەڵێم گونجاوین و زۆریش ڕێز لەنیوانماندا هەیە. خێزانەکەم زۆر دڵنەوایی من دەکات و زۆر ئاگای لەدڵی منە بەهۆی ئەو بێتاقەتی و نەهامەتیەی بەسەرمانداهاتووە، هەمیشە ئەوەی لەبیرە کەمن کەسوکارەکەم ئەنفالکراون.

**من لێرەوە ڕێزی زۆرم بۆی هەیە.**

ئەوە کچی فەرماندەیەکی جاشیش بووە، ئینجا باشتێکی تریش بڵێم ماڵی خەزورم هەموویان شانازی بەمنەوە دەکەن .

**ئەوەندەی من تاقانەکانم دواندووەو دیدارم لەگەڵ کردوون، لەدوای ڕوخانی بەعس و پێش ئەویش کەلێرە ڕاپەڕین کرا، هەتا ئێستاش تاقانەکان هەست بە تەنیایی و بێکەسی دەکەن، ئایا بۆ ئەم هەستکردنە چارەیەک شک دەبەی ؟**

من هەرگیز نەکروزاومەتەوە، بەڵام بێکەسی کەهات ئیتر دەبێت چارەی چی بێت ؟

**بۆنا ؟ من چارەیەک شک دەبەم ! ئێوە ئێستا نزیکی ٢٠٠ کەس دەبنەوە لەناو ئەو دووسەد کەسەدا ٢٠ کەستان پەیدا نابێت ببن بەپشت وپەنای یەکترو ببن بەخوشک وبرای یەکتر، پێکەوە هەمووتان کۆببنەوەو گەشتێک بکەن وباسی پێکەوەیی و هەماهەنگی وهاوسۆزی یەکتری بکەن ؟**

بۆنا بەڵام ئەم زروفە ریگەنادات بەیەکەوە کۆببینەوەو پێکەوە سەیرانێک بکەین .

**جامن ناوی گەشتم لێنا، دەنا بابۆگەشت نەبێ و بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک یان یەکێتیەک بێت تیایدا بڕیار بدەن، پشتیوانی یەکتری بن ولەخۆشی وناخۆشی یەکتریدا بەشداربن ئەوسا خەڵک برایەکی هەیە، ئێوە بەلای کەمەوە دەتوانن ببنە ٢٠ خوشک وبراو لەهەموو خۆشی وناخۆشییەکی یەکتردا پێکەوە بن و پشتی یەکتری بەرنەدەن .**

جوانە من زۆرم بەدڵە. شتێکی تریش بڵێم ئەوە تۆ براگەورەی هەموومانی هی هەموو تاقانەکانی ئەنفال بەڵام لەماڵەوەش پێیاندەڵێم من زۆر ئارامم، پێیاندەڵێم کەس هەست بەبێکەسی نەکات، ئەوەتا ئێمە لەم ماڵەدا ١٠ کەسین ئیتر بۆ تەنیاین ؟ ئەوە تۆش هەر برامانی . کە ئاراممان بوو هەموو منداڵەکانم کۆکردەوە لەگەڵ دایکیان وتم ئەم کورە ناوبنێین چی ؟ هەریەکەیان ناوێکیان گوت من گوتم : ئەم کوڕەمان ناودەنێین ئارام، وتیان کاکە ئەو ناوە زۆرەو کۆنەو باناوێکی تازەی بۆ بدۆزینەوە وتم نا، بائیتر ئارامیەکمان ببێت، من ئەم کورە ناودەنێم ئارام ئیتر وەختی ئارامیە. وتم بائیتر هەست بکەین ئارامین، بەوخوایە لەبەرئەوە ناوم ناوە ئارام . ئەمە ئیتر کۆتایی ناخۆشیەکانمان بێت ئارام . ئارام بژین و ئارام بخەوین وئارام سەرکەوتووبین. هەرچی پێی ئێژم ئارام هیچ لەدڵمدا نامێنێت . من زۆر بەهێزم، بروا بفەرموو ئەوکەسانەی کەوا لەکاتی لێقەومانمدا بەلامدا دەرۆیشتن رویان دەکرد بەو دیودا بۆئەوەی پێم نەڵێت ژەمێک وەرەوە بۆماڵمان تەنانەت ئەو مامەم کەوا پێیگوتبووم : من کچی خۆم نادەم بەکەسێک ژیانی نەبێ هەموویان قەرزداری منن و هاوکاریم کردوون وئێستا قەرزداری ماددی منن .

**کەواتە باوەڕت بەلێبوردن ولێبوردەیش هەیە ؟**

بێگومان زۆر لێبوردەم، لێبوردنم زۆرە، قەت لێبوردن لەیاد ناکەم ئێمە کوشتەی دەستی لێنەبوردەیین، کەسوکارەکەی ئێمە بۆ وایان بەسەرهات، کورد بۆ وا کۆمەڵکوژکرا، چونکە لێبوردەیی نەبوو، ئەگەر بەعسیەکان وسەدام لێبوردە بوونایە خەڵک بۆ ئەنفال دەکرا، بۆیە قەت تەقە لەئاژەڵیش ناکەم، چونکە کەسوکارەکەی من بە گولە کۆمەڵکوژکران. کاتێک منداڵەکانم لەکۆلان شەڕ بکەن، لەپێشەوە ئەو منداڵە ماچ دەکەم کە شەڕی لەگەڵ منداڵەکەی من

کردووە، ئەی ئەگەر وانەکەین چۆن فێری لێبوردەیی بین، بافێری لێی بوردەیی ببن، من خەڵکم خۆش دەوێ چونکە دەزانم خەڵکیش خۆشیان گەرەکم بەوخوایە خەڵک ئەوندە خۆشەویستیم بۆ دەردەبرن زۆر جار بەزەییم بەخۆمادێت . جابێینەوە سەرباسەکەی خۆمان من لێبوردەیی بەباش دەزانم، بەوخوایە کەپەتەکەیان نایە ملی سەدام پێمناخۆش بوو بەوخوایە.

**ئەوەیان بۆچی ؟**

دەزانی بۆچی، بینیم کەسوکارەکەی خۆم کۆتاییان هات وسەدامیش لەسێدارەدرا ئیتر کۆتاییە، من خۆم بەکەسێکی بەهێز دەزانم، بەڵام گریاویشم زۆرگریاوم، ئاخر سەباح نەجمەدینیش زۆر بەهێزە، بەڵام بەیەکەوە زۆرگریاوین .

**تۆو سەباح بەیەکەوە گریاون ؟**

بەڵێ من وسەباح هەردوکمان تاقانە بووین زۆربەیەکەوە بووین وزۆریش بەیەکەوە گریاوین .

**گریانیش جوانی خۆی هەیە، کاک ساڵح هەموو پیاوێکیش ناتوانێ بگری ؟**

راستە زۆر لەگەڵ ئەو قسەیەم هەموو پیاوێک ناتوانێ بگری ئەوەی لەواتای گریان تێبگات دەزانێ ئینسان بۆچی دەگری .

**هەتاکەی چاوەروانی کەسوکارت کرد ؟**

هەتا ئێستاش چاوەروانم، هەتا هەتایە هەرچاوەروانیانم، هەتا دەمرم هەرچاوەروانم . هەرگیز ئەوان لەیاد ناکەم هەتا ساڵح هەناسەی تێدابێت باوکم لەبیرە کە ئەو رۆژەی رۆیشتین باوکم گەرایەوە خواحافیزی لەگوندەکەمان کرد. وتی گەلاڵ کەوە خوا حافیز من جارێکی تر تۆنابینمەوە.

**باوکت ئەوەی کرد گەرایەوەو ماڵئاوایی لە گوندەکەتان کرد؟**

بەڵێ باوکم گەرایەوەو ماڵئاوایی کرد بۆیە هەرگیز ئەو هەڵوێستەی باوکم لەبیرناچێت، دایکم لەبیرناچیت وخوشک وبراکانم لەبیر ناچێت .

**خەویان پێوە دەبینی ؟**

بەڵێ هەمیشە وەک بەتایبەتی لەشەواندا وەک فیلمێک دێنەوە بەرچاوم، کەدەخەوم دێنە خەوم بەڵام کەبەیانیش کە لەخەوهەستام ئەوکەسە نیم، ئیتر بەهێزەوە مامەڵەلەگەڵ رۆژگارەکە دەکەم .

کاک ساڵح دەبوایە لەوبەشەی پەیوەندی بەلێبوردەییەوە هەیە باسم بکردایە یان بمپرسیایە **ئایا تۆ ئاگاداری ئەو بیرۆکەیە هەیت کەیادی ئەنفال بکەین بەرۆژی سەرنەبڕین ؟**

کردومانە، ئەوە بووەتە بەرنامەی خۆمان، لەو رۆژەدا نەک هیچ سەرنابڕین ولەماڵەکانمدا گۆشت نیە، هەرکاسبیش ناکەم ئەو رۆژەم داناوە بۆماتەم و یادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان.

**بەڵام ئەوە پەیوەندی بەگۆشتخواردنەوە نیە وەک هەندێک راگەیاندن باسی دەکەن، بەرێزت جوانت فەرموو ئەگەرمنداڵەکانت شەریان بێت لەپێشەوە ئەو منداڵە ماچ دەکەیت کە شەری لەگەڵ منداڵەکەت کردووە، ئەوە رێزگرتنی راستەقینەیە لە ئەنفالکراوان، بیرۆکەکە پابەندە بەژیانەوە نەک بەمردنەوە.**

بەڵێ بەڵێ تێیگەیشتوین، پەیوەندەی ژیانەوە هەیە. من ئەوڕۆژە بۆ کاسبی ناکەم ؟ لەبەرئەوەی من ئاژەڵ دەکرم و دەفرۆشم، لەو رۆژەدا کرین وفرۆشتنیان پیوە ناکەم وئەزیەتی ئەو ئاژەڵانەش نادەم کەوا لەبەردەستی مندان .

**چی روداوێکی زۆر ناخۆش هەیە کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە ؟**

هەرئەوەی کە باوکم گەرایەوەو ماڵئاوایی لەگوندەکەمان کرد، قەت لەبیرم ناچێتەوە، باوکم پیاوێکی زۆر تایبەت بوو، نەخوێندەواربوو، بەڵام کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، ئیماندارببوو، پێشبینیی روداوی دەکرد، زۆر سەیر بوو، پێش بینی روداوی دەکرد، ئەو رۆژە کە گوندەکەمان بەجێهێشت گەڕایەوە دایکم وتی : چی دەکەی بەنیازی چیت ؟ وتی من خواحافیزی لەگەلاڵ کەوە دەکەم وتی گەلاڵ کەوە خواحافیز من جارێکی تر تۆنابینمەوە. ئەوە یەکێکە لەو روداوانەی هەرگیز لەیادم ناچیتەوە .

**چی هەیە هەمیشە شانازی پێوە دەکەیت ؟**

پێشمەرگە، چونکە تەنها پێشمەرگە ماوە داکۆکی لە ئێمەو شەرەف وکەرامەتمان دەکات. ئەوەی ترهیچی نەماوەو خۆت لەمن باشتر دەزانی .

**کاک ساڵح باش بوو باسی پێشمەرگەت کرد، وتت کە حەمەی مەدحەد شەهید بوو، ئیتر تۆش وازت هێنا بۆچی وازت هێنا ؟**

واهێنانی من لەدوای حەمەی مەدحەد نەبوو، لەدوای بێستون بوو، لە ناڵپارێز شەهیدبوو بەرپرسەکان زۆریان خۆش دەویست خوشکەزای عەدنانی حەمەی مینابوو، کەشەهید بوو، تەرمەکەیان ناردەوە خۆیان هەرنەهاتنەوە بۆ پرسەکەشی ؟ ئیتر من نەچوومەوە بۆ پێشمەرگایەتی، لەم دواییانە کاک عەدنان جوابی بۆناردبووم تەلەفۆنی بۆکردم وتی : وەرە خانەنشینیت بۆ بکەم، وتم نامەوێ وتی بۆ ناتەوێ ؟ وتم من نە بۆ موچە بوومەتە پێشمەرگەو نە چاوەڕێی موچەش دەکەم، ئەوەشم نەگەرەکە خۆم کاسبی دەکەم، ئیتر نەچوومەوە، ئەی ئەوکورە خۆشەویستی خۆیان بوو نەهاتنەوە بۆ پرسەکەشی !؟

**من قسەم لەگەڵ ئێوەدا تەواو نابێت، بەڵام دڵنیام زۆر ماندووم کردویت، بۆیە ئەم دیدارە بەکراوەیی ەر بەرێزت شتێک هەیە من بیرم نەبووبێ بپرسم، خۆت بتەوێ باسی بکەیت ؟**

ئێمە ئازارمان زۆرەو قسەمان تەواو نابێت، ڕەنگە ئێستا ئەوەی دەیڵێم زۆربێت بەڵام لەپریکدا شتی تر دێتەوە خەیاڵمان و دەڵێین ئاە بریا ئەوەمان باس بکردایە .

**هەرکاتێک ویستت یان شتێکت بیرکەوتەوە دەتوانی تەلەفۆن بکەیت، من ریکۆردی دەکەم و دەیخەمە سەرئەم دیدارە. دەهێڵینەوە،بۆهەر کەلێنێک ئەگەر لە گفتوگۆکەماندا هەبێت یان بەتەلەفۆن یان جارێکی تر دێمەوە خزمەتت و قسەی تازە ئەگەر هەبوو تۆماری دەکەین، بۆیە ئێستا دیدارەکەمان کۆتایی پێدێنین، ئەگەر قسەیەکت مابێ ؟**

ئێمە ئازارمان زۆرە، بەڵام لەدوای مردنی کەسوکاریش ژیان ناوەستێ، هەموومان مردنێک قەرزدارین، بەڵام گرنگە ئەو مردنە سەربەرزانە بێت .

**بێگومان قسەیەکی جوان وپەیامێکی ئازایانەیە.**

**من دواپرسیارم ئەوەیە ئایا قایلی هەرچی لەم دیدارە وتووتە بڵاو ببێتەوە ؟**

بۆنا ؟ بەڵێ با بڵاو ببێتەوە،لەهیچ قسەیەکی پەشیمان نیم و قسەیەکم نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوە نەشیا. بەڵام یەک قسەم ماوە بیکەم .

**فەرموو ؟**

تۆ ئەوەم بۆبنوسە بابڵاوببێتەوە تۆ ڕوناکی دڵی ئێمەیت، هەمیشە لەخزمەتتدا دەبین وهیلاک نابین لەگەڵ بەرێزتدا. بەڵام توخوا ئەم قسەم بۆ بنوسە . ئێمە کاری تۆ دەبینین و دڵی تۆدەخوێنینەوە. ئێمە دەمەتەقێ لەگەڵ خەڵک دەکەین و دەزانین چی دەڵێ وچیمان وەڵام دەداتەوە، ڕاستە ڕۆژگار وای لێکردین نەخوێندەواربین بەڵام تێدەگەین . بەس تۆ ئەمانە بنوسە بۆمان ئەمە قسەی کەسوکاری ئەنفالە بۆتۆ، ئەوە لەبەرئەوەنیە کە ئێستا تۆمن مقابلە دەکەیت وبڵاوی دەکەیتەوە نا ئێمە هەمیشە وا تەماشای تۆ دەکەین و دەزانین تۆ چی دەکەیت و چیت بۆ ئێمە دەوێ .

**من شانازیتان پێوە دەکەم و وەهتا ژیان بواربدا کار بۆ ئەم دۆسێیەو ئاسودەیی ئێوە دەکەم، چونکە دەزانم جینۆساید هەتا کوێ ڕۆیشتووە، دەزانم ئێوەش پێویستیان بە دادپەروەری وشکۆ هەیە.**

